www.kurdistannet.org
10/05/2003 23:41

# بۆفەرهاد فەرەجی هاوڕێم !

کەمال ڕەئوف

هاوڕێ تۆ ئەم شەو وەك جاران بەپرتاوو بەسیما و جلە تۆزاویەکانتەوە هاتیتەوە تاهەواڵی شارم لێپرسیت , تۆ هەر وەك جاران هاتیتەوەو تەنها ئەو پرسیارانەشت لێکردمەوە کەجاران مێشکیان جەنجاڵ کردبوویت , ببورە ئەمجارە لێم مەپرسە و پرسیاری شوراو شوراییەکانم لێمەکەرەوە , چونکە شەرم دامدەگرێت گەربڵێم لەوڵاتی ئێمە حەفتاو چوار گروهی سیاسی هەیەو کەسیشیان ناتوانن دێیەك دیموکراتیانە بەرن بەڕێوە , کەدەڵێم پرسیاری ئازادیو سەربەستیشم لێمەکە , مەبەستم ئەوەیە تاهەنوکە ئەمنەسەوزو زەردەکەی لەمەڕ خۆمان زیندانیەکانی یەکتریان ئازاد نەکردوە , کەچی دوێنی شار بەدزێی دایکی شەهیدانەوە میوانداری ئەنفالچییەکی تری کرد و حاکمی شاریش وێنەی بکوژەکەی تۆو فەرهادەکانی تردە ستان گوشی ! دیسان ببورە ,هەواڵی پەیرەوی کوڕ تو و ڕۆژنامەی پەیڕەوم لێمەپرسە , چونکە بزەی پەیڕەو نابینم و ڕۆژنامەی پەیڕەویش سەردەمانێکە بێدەنگە ! بەلاّم ئاگام لێیە دوێنێ ڕۆژنامەی حیزبێك لەسەرزوبانی سەرکردەکەیەوە ولەوەلاّمی نامەیەکی سەدامدا نوسیبووی سەدام لەسەردەمی لاوێتیدا شوڕشگێربوە ! ببورە من کە دەڵێم هەواڵی پەیرەوی تۆنازان مەبەستم هەواڵی منالاّنی شارە , چونکە دەزانم تۆخەمی هەموو منالاّنی شار وەك خەمی پەیرەو سەیردەکەیت و منیش دەمەوێت لەخەمی ئەوان خۆم بێدەنگ بکەم , چونکە هەرهێندە دەزانم کە پێت بلێم منالاّنی شارلە دەرسەکانی پەروەردەیان هێشتا سەدام باوکی هەموانەو باوکی منالانی شار چەند مانگە موچەیان وەر نەگرتوە , منالە دەستگێرەکانیش هەر بەشوێن جێگایەکەون تا نان و بژێویان پەیدا بکەن و شەڕیان لەگەڵ پۆلیسی کوردیدا هەر بۆئەویە تانانی ئەوان حەلاڵ بکەن.

نازانم ئێستا هاورێکەم تۆ ئاگایت لێیە لێرە لەشارەکەت چی دەگوزەرێ ؟ ,شێخی جارانی شارگەراوەتەوەوە بۆگردەسەوزەکەی ناوەراستی شار, ئەو ئێستابەقاتێ شاڵی زەیتونییەوە لە ونێوەراستی شەقامەکانی شارلەبەردەم پەیکەرەکەی کاوە و لەوجێگە یەی کە دوێنی پۆلێك لاوی تیا گوللە باران کرا دەستی شەقامەکانی گرتوەوچۆپی بۆ مەرگی شۆرشگێرێتی ئەوان و مەرگی ڕاپەڕین دە کێشێت , ئەو دەیەوێت مژدەی تەواوبونی کارەساتی دوری خۆی و ڕەفیقەکانیمان بەزمانی ژنەگەرمیانیەکی ئەنفالکراو بۆ بگێرێتەوە ! سەرسام مەبەو ببورە هاورێکەم گەر بلێم گۆڕەبەکۆمەڵەکان کە دە دۆزرێنەوە لەوەش زیاتربون کەئێمە پێشبینیمان دەکرد , گەر تۆلای خۆت قوربانیەکانی ئەنفال و هەڵەبجەو راپەرینت بینی , پێیان بلّی شێخ میوانی شارەو وەك بکوژانی ئارام خاوەنی فەزیلەتی ڕابردویەتی , هۆ براکەم دەنگوباس لێرە ئاوایە هەربۆیە خەڵکی شاربە بێزارییەوە دەپرسن کوا فەرهادەکانی شورا ؟ کوا دادگاچیەکانی ئاوات تاکو ئەمانیش دادگایی بکەن ؟ئەوان کەهەردەپرسن و تۆ و شوراییەکان دیار نین , ئیتر ئەوکاتە دەزانن کەبەراستی تۆ بەتەنها شەهید نەبویت , بەڵکو ڕاپەرینیش خەریکە بەبێدەنگی ئەنفال دەکرێت , چونکە خەڵکی شارگەربتوانن میوانداری شێخ و ئەنفالچیەکان قبوڵ بکەن دیارە بەتەها ئەوەندە دەتوانن یادەوەریەکانیان خۆش بوێت تاکوبونی خۆیانی پێبسەلمێنن , هەربۆیە ئاشکرایە بونی ئەولەشاردا هەر بونی خەڵکی شارو ڕودان وداواکاریەکانی ڕاپەرین ناخاتە ژێر پرسیارەوە , بەڵکو بوونی ئەو ئەو بێدەنگیەش دەخاتەژێر پرسیارەوە کەقەبوڵ کردنی ئەو میوانداریە هیچ مانایەکی نیە جگە لەبیرکردنی ئێوەی شەهید نەبێت.

تێبینی کوردستان نێت:

ئەم نووسینە بیروبۆچونی خاوەنەکەیەتی، کوردستان نێت لەناوەڕۆکەکەی بەرپرسیار نییە.